# هوية ولغة الكوتيين في جبال زاغروس

ڤەلەنتينا عبدالرحمن على
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كردستان – العراق.
Email: valentina.ali@su.edu.krd
پ.د. ئاري خليل كامل
قسم الآثار، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كردستان – العراق.
Email: ari.kamil@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: گوتى ، زاغروس، إيلام، بلد النهرين، لولوبي

**كيفية اقتباس البحث**

على , ڤەلەنتينا عبدالرحمن , ئاري خليل كامل , هوية ولغة الكوتيين في جبال زاغروس,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The Identity and Language of the Gutians in the Zagros Mountains

**Valentina Abdulrahman Ali**
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region – Iraq**
**Email: valentina.ali@su.edu.krd**

**Dr. Ari Khalil Kamil**
**Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region – Iraq**

**Email: ari.kamil@su.edu.krd**

**Keywords** : Gothi, Zagros, Elam, the land of the two rivers, Lullubi

**How To Cite This Article**
Ali , Valentina Abdulrahman ,Ari Khalil Kamil ,The Identity and Language of the Gutians in the Zagros Mountains ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This research is dedicated to re-evaluating the conventional portrayal of the Gutians in Sumerian and Akkadian cuneiform texts, where they are frequently depicted as a destructive and negative force. The primary objective of this study is to investigate the problematic identity and origins of the Gutians, addressing core questions: Who were the Gutians, and to which linguistic family did their language belong?

To achieve this, the study examines their ethnic and linguistic dimensions in light of historical, linguistic, and archaeological data. This is conducted through a critical analysis of primary sources and a comparison with modern anthropological and philological evidence.

The findings of this research clarify that ؛the Gutians were an indigenous component of the population structure of the Zagros region. They

maintained deep cultural and social integration with neighboring peoples, such as the Hurrians, Elamites, Kassites, and Lullubians. Contrary to the "uncivilized" stereotype, they possessed distinct and independent political and cultural institutions.

The study concludes that the Gutians possess profound roots that persisted for millennia within the Zagros highlands.

Consequently, this necessitates a modern scholarly revision of their influential role in the ancient history of the Near East. Obviously, no study is without sources, so we have relied on several important and original sources to verify the information and conduct this study. These include; Speiser's Mesopotamian Origin, an important source on the races and peoples of the Two Rivers before the Sumerians and the Akkadians, attempts to analyze the structure of the population through archaeological and linguistic evidence. The book presents an analytical framework for understanding the cultural interaction between the peoples of the Zagros and the plain inhabitants of the Two Rivers Country.

**الملخص**

يتناول موضوع هذا البحث إعادة تقييم الصورة النمطية التي رسمتها النصوص المسمارية السومرية والأكدية عن الكوتيين (Gutians) ، والتي غالبًا ما قدّمتهم بوصفهم قوة مدمِّرة و سلبية. يكمن الهدف الرئيسي للدراسة في البحث في إشكالية هوية و أصول الكوتيين، و الإجابة عن التساؤلات الآتية: من هم الكوتيون؟ وإلى أي عائلة لغوية تنتمي لغتهم؟

ولتحقيق هذا الهدف، تسلّط الدراسة الضوء على أبعادهم العِرقية واللغوية في ضوء المعطيات التاريخية واللغوية والأثرية، وذلك من خلال تحليل المصادر ومقارنتها بالأدلة الأنثروبولوجية واللغوية الحديثة. وتُظهر نتائج البحث أن الكوتيين كانوا جزءًا أصيلًا من التركيبة السكانية في منطقة جبال زاغروس، وكانت لهم علاقات وتفاعلات عميقة مع شعوب مثل الحوريين والعيلاميين والكاشيين واللولوبِيّين.

كما تُثبت الدراسة أن الكوتيين لم يكونوا مجرد جماعة بدائية، بل كانوا يمتلكون بُنَى سياسية وثقافية متميزة ومستقلة ذات جذور عميقة استمرت لعدة آلاف من السنين في منطقة زاغروس.

وعليه، تدعو هذه الدراسة إلى إعادة النظر بشكل جديد في الدور المؤثر الذي أدّاه الكوتيون في تاريخ الشرق الأدنى القديم. من البديهي أن أي دراسة لا تخلو من المصادر، لذا اعتمدنا على عدة مصادر أصلية وهامة للتحقق من المعلومات وإجراء هذه الدراسة. من بين هذه المصادر: كتاب "أصل بلاد ما بين النهرين" لسبيزر، وهو مصدر هام حول أعراق وشعوب منطقة النهرين قبل السومريين والأكاديين، ويحاول تحليل التركيبة السكانية من خلال الأدلة الأثرية واللغوية. يقدم الكتاب إطارًا تحليليًا لفهم التفاعل الثقافي بين شعوب زاغروس وسكان السهول في بلاد النهرين.

**شوناس و زمانی گوتییەکان لە زاگرۆس.**
**ڤەلەنتینا عبدالرحمن علی**
**ژ. موبایل: ٠٧٥٠٤٦٠٥٠٨٨**
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.
Email: valentina.ali@su.edu.krd
**پ.د. ئاري خليل كامل**
**ژ. موبایل: ٠٧٥١٠٦٩٨٠٦٠**
بەشی شوێنەوار کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.
Email: ari.kamil@su.edu.krd

## پوختە

بابەتی ئەم توێژینەوەیە، تەرخان کراوە بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو وێنە باوەی کە لە دەقە مێخییەکانی سومەری و ئەکەدی بۆ گوتییەکان داتاشراوە، و زۆرجار وەک هێزێکی تێکدەر و نەرێنی ناسێندراون. ئامانجی سەرەکی توێژینەوە؛ لێکۆڵینەوەیە لە کێشەی ناسنامە و ڕەچەڵەکی گوتییەکان، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە: ئایا گوتییەکان کێ بوون، و ئایا زمانەکەیان سەر بە چ خێزانێکی زمانەوانی بووە؟

بۆ ئەم مەبەستە تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندە ڕەگەزی و زمانەوانییەکانیان لە ژێر ڕۆشنایی داتا مێژوویی و زمانەوانی و شوێنەوارییەکاندا، ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی سەرچاوەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ بەڵگە مرۆڤناسی و زمانەوانییە نوێیەکاندا. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ڕوونی دەکاتەوە؛ گوتییەکان بەشێکی ڕەسەنی پێکهاتەی دانیشتووانی ناوچەی زاگرۆس بوون و پەیوەندی و تێکەڵاوی قووڵیان لەگەڵ گەلانی وەک خوری و ئیلامیی و کاشی و لولوبیەکاندا هەبووە.

دەسەلمێنێت، گوتییەکان نەک هەر کۆمەڵێکی ناشارستانی نەبوون، بەڵکو خاوەنی دامەزراوەی سیاسی و کەلتووری جیاواز و سەربەخۆ بوون، خاوەنی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵن، کە بۆ چەندین هەزارە لە ناوچەی زاگرۆسدا بەردەوام بوونە.

بۆیە ئەم بابەتە وا دەخوازێت بە شێوەیەکی نوێ پێداچوونەوە بۆ ڕۆڵی کاریگەری گوتییەکان بکرێتەوە، لە مێژووی دێرینی ڕۆژهەڵاتدا.

کلیلی وشەکان: گوتی، زاگرۆس، ئیلام ، وڵاتی دوو ڕووبار، لولوبی.

## پێشەکی

وڵاتی گوتییەکان پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەبووە لەنێوان وڵاتی ئیلام و بەرزاییەکانی باکووری زاگرۆسدا، ئەمەش وای لێکردبوو ببێتە خاڵی بە یەکگەیاندنی نێوان دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبارو ناوچە شاخاوییەکانی ئێران. بەڵگە نووسراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە گوتیوم لە باشوور لە نزیک ئیلامەوە بووە، و بەرەو ناوچەکانی شانشینی ماننای (Manna) درێژبووەتەوە، کە مانناییەکان گەلێکی کۆنی زاگرۆس بوون، لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. ز لە باشووری ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس و لە باشووری گۆلی (دەریاچە) ورمێ سەریان هەڵدا، و بەرەو ناوچەکانی ئورارتو و ئاشوور بڵاوبوونەوە. لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێستای ئێران وەک مەهاباد و سەقز نیشتەجێ بوون. ناویان بۆ یەکەمجار لە دەقە ئاشوورییەکان لە ساڵی ٨٤٣ پ. ز لە تۆمارەکانی پاشای ئاشووری شەلمانسەری سێیەمدا هاتووە، و پایتەختەکەیان ئازیرتە بووە. بە

بڕوای ران زادۆک (Ran Zadok) ولاتی ماننایيەكان كە ئەمڕۆ بەشێكە لە ئازەربایجانی ئێران هەمان شوێنی ولاتی گوتیوم بووە، ئەمەش فراوانیی سنووری جوگرافی و فرەیی ژینگەی سروشتی نێوان دۆڵ و بەرزاییەكانی دەردەخات. ئەم پێگە تایبەتمەندە ڕۆڵێكی گرنگی بە گوتییەكان بەخشی لە كارلێكی سیاسی و كەلتووری نێوان وڵاتی دوو ڕووبار و ناوچە شاخاوییەكانی ڕۆژهەڵات لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.

لە تۆمارە مێژووییەكاندا ناوی گوتییەكان بە شێوەو هێمای جیاواز ئاماژەیان پێكراوە، وەكو (گوتی Guti، قوتی Quti، كوتی Kuti، كوتو Kutu یان Qutu) ئەمەش دەریدەخات كە سیستەمی نووسینی مێخەكی نەیتوانیوە دەنگی یەكەمی ئەم ناوە بە ڕوونی و تەواوی نیشان بدات، و گوتییەكان لە نزیكەی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەركەوتن، ئەوكات بە گوتو یان گوتی ناسران، لە سەرەتای سەدەی بیست و چواری پ.ز، سومەرییەكان شانشینی گوتییان وەک شانشینێكی سەربەخۆ لە ئاستی شانشینەكانی سوبارتو و ئیلام دانابوو، و كۆنترین دەق كە ئاماژەی بە گوتییەكان كردووە، یادداشتی لوگاڵ ئانی-موندو (Lugal Anne-Mundu) كە بۆ ماوەی ٩٠ ساڵ فەرمانڕەوا بووە، لە چارەگی یەكەمی هەزارەی سێیەمی پ. ز بە نزیكەیی لە سەدەی ٢٥ پ.ز، پاشای دەوڵەتە شاری سومەری ئاداب بووە، كە ئەمڕۆ پاشماوە شوێنەوارییەكانی ئەو شارە بە (تل بەسمایە) ناسراوە لە پارێزگای دیوانیە. ئەم تۆمارە هەرچەندە لەبەرگیراوەیەكی (كۆپی) هەزارەی دووەمی پ.ز سەردەمی بابلی كۆنە، بەڵام كۆنترین سەرچاوەی نووسراوی سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەكانە، كە ئاماژە بە گوتیوم دەكات. پاشا (ئانی – مۆندو) پاشای هەر چوارلا، توانیویەتی بەسەر گەلانی بێگانە (گوتی، سوباری، ئیلامی،...هتد) زاڵ بێت و بە پێدانی سەرانە ملكەچیان بكات. ناوبردنی گوتییەكان لە بەڵگەنامەكانی شارەكانی ئاداب و ئوما، وا دیارە هۆكارەكەی لە ڕووی جوگرافییەوە نزیكتربوون لە خاكی گوتییان.

لەم توێژینەوەیەدا؛ ڕێبازی شیكاری مێژوویی پەیڕەو كراوە هاوشان بە بەكارهێنانی ڕێبازی بەراوردكاری، بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی نەژادی گوتییەكان و شیكردنەوەی ناسنامە و زمانیان لە نێو چوارچێوەی جوگرافیای زاگرۆس وەكو گەلێكی ڕەسەن، تاڕادەیەک هەوڵێكە بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو تێگەیشتن و وێنا نەرێنیانەی دەربارەی گوتییەكان، و ناوەزەندكردنیان بە بەربەری و ناشارستانی كە لە دەقە مێخیەكاندا وەكو پڕۆپاگەندەیەكی ئایدۆلۆژی و سیاسی ئامانجدار بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات سەرچاوەی گرتووە.

ناوەڕۆكی ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرەی سەرەكی پێكدێت، لە تەوەرەی یەكەمدا نەژادی گوتییەكان و ئەو دەستەواژانەی بەكارهێنراون بۆ وێناكردنیان باس دەكەین. لە تەوەرەی دووەمیشدا دەچینە سەر زمانی گوتییەكان بە پشت بەستن بە ناوی پاشاكان لە لیستی پاشایانی گوتی و پەیوەندی و خزمایەتیان بە زمانی ئیلامی و خوری و كاسی.

ئاشكرایە هیچ توێژینەوەیەک بێ سەرچاوە نابێت، بۆیە بۆ پشتڕاستكردنەوەی زانیاریەكان و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەندین سەرچاوەی گرنگ و ڕەسەن بەستووە. لەوانە؛ كتێبەكەی شپایزەر (Speiser) بە ناونیشانی (Mesopotamian Origin) كە سەرچاوەیەكی گرنگە سەبارەت بە ڕەگەز و گەلانی وڵاتی دوو ڕووبار بەر لە سومەری و ئەكەدییەكان، شپایزەر لەم كتێبەدا هەوڵیداوە شیكردنەوەی پێكهاتەی دانیشتوان بكات، لە ڕێگەی بەڵگە شوێنەوارییەكان و لایەنی زمانەوانی. كتێبەكە چوارچێوەیەكی شیكاری بۆ تێگەیشتن لە كارلێكی كەلتووری نێوان گەلانی زاگرۆس و دانیشتوانی دەشتاییەكانی وڵاتی دوو ڕووبار دەخاتە ڕوو.

جگە لەم کتێبە لەسەر سەرچاوەکانی بە زمانی عەرەبی پشتمان بە توێژینەوەی (د. محمد سالح زێباری) لە ژێر ناوی (الحكم الكوتي لبلاد وادي الرافدين (٢٢٥٠-٢١٣٠ ق.م) دراسة نقدية للنصوص المسمارية) کە لێکۆڵینەوەیەکی تازەیە و ڕۆشنایی دەخاتە سەر قۆناغێکی مێژوویی کە لە ناوەندە زانستییەکاندا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، ئەویش ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکانە لە وڵاتی دوو ڕووبار.

لە پاڵ ئەم سەرچاوانەدا، سوودمان لە چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی تر بینیووە، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان.

تەوەری یەکەم

**نەژادی گوتییەکان**

یەکلاکردنەوەی ناسنامە و نەژادی گوتییەکان تا ئەمڕۆ بابەتێکە بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە، مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، کە بۆ نزیکەی زیاتر لە سەدەیەك لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ. ز ڕۆلێکی گرنگیان لە وڵاتی دوو ڕووباردا گێڕاوە[١]. چاووگی ئەم مشتومڕە لە دوو پرسیاری بنەڕەتی سەرچاوەی گرتووە؛ ئایا گوتییەکان کۆچبەر بوون کە لە ناوچە دوورەکانەوە گەیشتنە چیاکانی زاگرۆس، یان دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە بوون، کە لە دواجاردا توانیان هەموو ناوچەکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان؟ بەشێك لەو توێژەرانەی[٢] کە پێیانوایە گوتییەکان سەر بە گرووپی هیندو ئەوروپیەکانن[٣]، بەڵگەیان پشتبەستنە بە دەقەکانی سومەری و ئەکەدیەکان کە زاراوەی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان[٤]. یەکێک لەو زاراوانە ووشەی " ***نامرو namrū*** "[٥]یە، بەو پێیەی وشەکە مانای (سپی پێست یان قژکاڵ) دەگەیەنێت کە تایبەتمەندییەکی جیاوازی ڕەگەزییە[٦]. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەتەوە، بەتایبەتی لەلایەن شپایزەر(Speiser) ، کە لەسەر بنەمای شیکردنەوە سێ دەقی سەرەکی ڕوونی کردووەتەوە، ووشەی "نامرۆ" واتای "***گەشاوە، درەوشاوە، نایاب***" دەبەخشێت، ئەم واتایە لە چەندین چوارچێوەی جیاوازدا ناسراو سەلمێنراوە. ئەمەش بە ڕوونی لە دەستەواژەی باوی "***بانو نامرۆ bānu namru***"دا دەردەکەوێت واتای "***منداڵی زیرەک/درەوشاوە***" دەگەیەنێت. هەروەها بۆ زیاتر بەهێزکردنی بۆچوونەکەی، بەراوردێک لە نێوان ووشەی "***نامرۆ namrū***" و هاوواتاکەی لە دەقە ئەکەدییەکاندا "***دەمقو damqu***"دا دەکات، کە لە گرێبەستە بازرگانییەکانی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەدا لە دەقەکانی نوزیدا بەکارهاتووە، واتای "**تەندروست، باش، سەلامەت**" دەگەیەنێت[٧]. لە ڕێگەی ئەم شیکارییەوە، شپایزەر پرسیارێکی ڕەخنەیی لەسەر ئەوە دەورووژێنێت و پرسیار دەکات: "**تا چەند لۆژیکیە مەرجی پێستی سپی لە گرێبەستەکانی کۆیلەدا هەبێت؟ چونکە فاکتەری یەکلاکەرەوە لەم گرێبەستانەدا توانای جەستەیی و لێهاتوویی کاری کۆیلەکە بووە، نەک ڕەنگی پێست، هەروەها ڕەنگی پێست پێوەرێکی کرداری نییە بۆ دیاریکردنی بەهای کرێکاران**"[٨]. هەروەها لە تیانووسەکانی پاشای کاسی ئاگوم کاکەریمی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

(Agum-Kakerimi) دەستەواژەی ***nišē sak-la-a-ti*** بۆ وەسفکردنی گوتییەکان بەکارهاتووە[٩]، کە واتاکەی بە تەواوی ناتوانریت لێکبدرێتەوەو ناڕوونە، بەڵام زۆرجار بە (خەڵکی ساویلکە و نەزان) لێکی دەدەنەوە.[١٠]

لە هەندێک گرێبەست بە ڕوونی ئاماژە دەکەن بە هێنانی کۆیلە لە ناوچەی گوتیوم و سوباری[١١]، خەڵکی ئەم ناوچانە بە بەهێزیی و شارەزاییان لە کارە پیشەیە دیاریکراوەکاندا ناسراوبوون. بۆیە پێدەچێت "نامرۆ" دەربڕینێکی کارامەیی یان جۆرایەتی بووبێت، بە واتای **"نایاب، بەهێز، شارەزا"**[١٢]، زیاتر لەوەی ئاماژە بێت بۆ تایبەتمەندییەکی جەستەیی یان ڕەگەزی[١٣]. یان لەوانەشە ئامانجی سەرەکی ئەم زاراوەیە پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی ئەم گروپە ڕەگەزییە بووە، کەوا وەک خەڵکانێکی نامۆ لە کۆمەڵگەی وڵاتی دوو ڕووباردا، بە زمانێکی جیاواز دەدوان، هەروەها خاوەنی نەریت و سرووتی ئاینی جیاواز بوون، ئەم جیاوازییانە وای لێکردوون کە لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە بە زاراوەی تایبەت پۆلێن بکرێن، ئەمەش لەکاتێکدا کە سومەرییەکان دەستەواژەی (سەر ڕەش **sag-gig-ga**)یان بەکارهێناوە[١٤] بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە گەلانی دیکەی ناوچەکە یان بۆ جیاکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و چینایەتیەکانی نێوان دانیشتوانی وڵاتی دوو ڕووبار بووە[١٥]، لەوانەیە ئەمە دیدگایەکی ڕەگەزپەرستانە[١٦]بێت، کە سومەریەکان شانازیان بە دابونەریت و بنەچەی خۆیانەوە دەکرد یانیش بۆ جیاکردنەوەی خەڵکی شارنشین چیانشینان بێت. بێجگە لەمانە بەشێکی تر لە ئەو توێژەرانەی پێیان وایە گوتییەکان لە قۆناغێکی زووی مێژوویەوە هاتوونەتە زاگرۆس، جیاوازی لە ئامرازو کەرەستە و گۆڕانی شێوازەکانی دروستکردنی ئامێرو و پەرەسەندنی پیشەسازی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی گەلانی نوێ کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکە، کەلتوورێکی ماددی جیاوازیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. واتە گۆڕانکاری لەناکاو لە دۆزراوە شوێنەوارییەکاندا وەک دەرئەنجامی کۆچی خەڵکی نوێ بۆ ناوچەکە و نیشتەجێی بوونیان لێکداوەتەوە نەک وەکو بەردەوامی سروشتی دانیشتوانی خۆجێیی[١٧]. ئەمە لەکاتێکدا لەسەرەتادا کۆچی ئەو کۆمەڵانە و هاتنیان بە نزیکەیی لە نیوەی هەزارەی دووەمی پ. ز بە شێوەی پەیتا پەیتا و کۆمەڵەی بچووک بووەو لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە تێکەڵ بوونە[١٨]. ئەم دیدگایە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگدانەوەی دیدگای سومەری و ئەکەدیەکانە کە گوتییەکانیان بە ئەژدیهای چیاکان و کۆچەری و نەبوونی هیچ شارستانیەتیەک وەسف کردووە، پێچەوانەی دانیشتوانی دەشتاییەکانی وڵاتی دوو ڕووبار[١٩]. لەکاتێکدا تا ئێستا دیارنەبوونی شوێنەواری ئاشکرا، نابێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ نەبوونی ناسنامەی کەلتوری، بەڵکو ڕەنگدانەوەی جیاوازی کەلتوری و نەژادیە، هەروەها ڕەنگە گوتییەکان وەکو دانیشتوانی تری زاگرۆسی پشتیان بەو مەتریالانە بەستبێ کە زووتر تێکدەچن و دەفەوتێن وەکو: چەرم (پێستی ئاژەڵ)، دار، بابەتەکانی ڕستن و چنین، قامیش...هتد[٢٠]. بەڵام ئەگەر ئەوان هۆزەکانی هیندو ئێرانی نین، بێگومان سومەری و سامیش نین. کەواتە ئەوان کێین، و کەی و چۆن پەیدابوونە؟ بەشێک لە توێژەران پێیانوایە نەژادی[٢١] گوتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە نەژادییەکانی ئاسیایی[٢٢]، کە زۆربەی دانیشتوانی کۆنی زاگرۆس لە ئیلامییەکان[٢٣] و لولوبیەکان و خورییەکان و کاشیەکانیش...هتد سەر بەم گروپەن[٢٤]. لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤناسی ئەوە دەردەخەن کە گوتییەکان بەشێکن لە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەی چیاکانی زاگرۆس. ئەم خەڵکە لە کۆنەوە لەو ناوچەیە ژیاون و تایبەتمەندی بۆماوەیی و کولتووری خۆیان پاراستووە، توێژینەوەکانی بۆماوەیی (DNA )ی کۆن نیشانی دەدەن کە جووتیارانی زاگرۆس لە ڕووی بۆماوەییەوە جیاواز بوون، بە

بەراورد بە کۆمەڵگاکانی تر لە دەوروبەر کە زیاتر تێکەڵەیەک بوون لە خەڵکی ناوچەکانی تر. لە بنەڕەتدا نزیکەی ٨٥٪ بۆ ٩٥٪ی خەڵکی کۆنی زاگرۆس پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕاوچی-خۆراك کۆکەرەوە خۆجێیەکانەوە هەیە، کە لە چاخەکانی بەردینەوە لە زاگرۆس نیشتەجێ بوون[٢٥].

بە گوێرەی بەڵگە شوێنەوارییەکان و زمانەوانیەکان بەدرێژایی ناوچەکانی نێوان بەرزاییەکانی ئەنادۆڵ و ئیلام، لە چاخەکانی پێش مێژووەوە لانکەی دانیشتوانێکی ڕەسەنی خۆجێی بووە، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی چینەکانی شوێنەواری دەریانخستووە، کەلتووری هۆزەکانی زاگرۆس، وەک گوتییەکان، لولوبیەکان و ئیلامییەکان، زۆر پێش دەرکەوتنی کەلتوورەکانی دەشتاییەکانی خواروو، سومەریەکان و سامییەکان و هەتا هیندو ئێرانیەکان و پێش هەموو شەپۆلەکانی کۆچی کۆمەڵەی نەژادی ترە[٢٦]، لە ناوچەکانی وەک زاموا، ئاراپخا و لولوبی...هتد، لەم چوارچێوەیەدا، شپایزەر پێیوایە ئەم گروپانە دەکرێت وەسف بکرێن بە دانیشتوانی ڕەسەن [٢٧]. جگەلەمانە توێژینەوە شوێنەوارییەکان سەبارەت بە گەشەسەندنی سیستەمی ئاودێری و ئاوەڕۆ و بیناسازی و پەرەسەندنی دامەزراوە کارگێرییەکان لە ناوچەکانی زاگرۆس[٢٨]، زانیاری تازەیان بەردەست خستووە، کەوا چیانشینانی زاگرۆس توانای ڕێکخستنی ئاڵۆزیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ پەرەپێداوە، خاوەنی سیستەمێکی سیاسی جیاوازبوونە لە پێدەشتەکان[٢٩]، و لەمیانەی هاوپەیمانیەتیان لەگەڵ ئیلامیەکاندا و کارلێکیان لە گەڵ هۆزە چیا نشینەکانی تر، کە هەزران ساڵ لە ناوچەکەدا بوونە لەبەرامبەر هێرشەکانی هێزەکانی ناوچەکە کە هەڕەشە بوون بۆ مانەوەیان، یەکیەتی هۆزایەتیان پێکهێناوە[٣٠].

دۆزینەوەی نشینگە کۆنەکانی چەند هەزار ساڵە، لەوانە گوندی دێرینەی چەرمۆ کە دەکەوێتە ئەو ناوچە جوگرافیەی لە دواتردا لە چاخی برۆنزی بە وڵاتی گوتییەکان ناسراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٧٠٠٠ ساڵ پ. ز[٣١]، یەکێکە لە کۆنترین نشینگەکانی سەردەمی بەردینی نوێ لە ناوەڕاست زاگرۆس، کە شوێنەواری چەندین خانووی تیادا دۆزرایەوە بەڵگەن بۆ نیشتەجێبوونی بەردەوام. ئەمەش وای کردووە زاگرۆس ببێتە یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و ماڵی کردنی ئاژەڵ و گلینەکاری[٣٢]، بۆیەش گوتییەکان لە نووسینە مێژووییەکاندا بە کولتوور و نەتەوەیەکی جیاواز ناسراون. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت، ڕاڤەیەکی نوێ بۆ پێگەی گوتییەکان بێتەئارا، جیاواز لە بۆچوونە باوەکانی نێو دەقەکانی دانیشتوانی دەشتاییەکانی وڵاتی دوو ڕووباردا، چونکە تەنها گروپێکی داگیرکەرو بەربەری نەبوونە وەکو چۆن وێنایان کردوون، بەڵکو پێش سەردەمی برۆنزو دەرکەوتنیان، نوێنەرایەتی لووتکەی سیاسی و ڕێچکەیەکی درێژخایەنی گەشەسەندنی ڕەسەنی هەزاران ساڵەیان کردووە، هەر لە سەردەمی سومەریەکانەوە وەکو سنوورێکی ڕۆژهەڵاتی و لەسەر ڕێگە بازرگانیەکاندا، پاشان لە سەردەمی سەرجۆنی وەکو ناوچەیەکی ژێردەستە باجیان داوە[٣٣].

جگە لەوانە لە ڕووی زمانەوانییەوە، سەرەڕای کەمی بەڵگە، بەڵام لە پاشماوە شوێنەوارییەکان ناوی شوێنەکان و کەسی هەرێمەکانی ناوچەکانی زاگرۆس تا دەگاتە دەریای قەزوین، چەندین پێکهاتەی دەنگی نیشان دەدەن، کە پێشتر لە زمانی خورییەکان و شێوەزارەکانی زاگرۆس لولوبی و گوتی و ئیلامیدا دۆزراوەتەوە[٣٤]، و لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ناوی کەسی گوتییەکان کە لە لیستی پاشایانی سومەریدا هەن، توێژەرێکی وەک شپایزەر Speiser توانیویەتی پەیوەندی نزیکی نێوان زمانی گوتییەکان و زمانەکانی زاگرۆس وەکو زمانەکانی لولوبی، ئیلامی، کاشی و خوری دیاری بکات، لە ڕووی ووشەسازییەوە ئاماژەی کردووە بە هەبوونی

شێوازی دەنگی دووبارە لە ناوی کەسی و نازناوەکاندا[٣٥]، ئەم لێکچوونانەی زمانەوانی و دەنگیانە، ڕەنگدانەوەی بوونی پەیوەندیەکی زمانەوانی بنەڕەتیە، و بەڵگەیەکە ئەو هۆزانە هەموو سەر بە یەک بنچینەی زمانەوانین[٣٦] . دیارترین لێکچوونەکان بریتین لە؛

| پاشگرەکان | نموونەی ناوی کەسی یان شوێن | تێبینی |
| --- | --- | --- |

خشتەی ژمارە: (١: ١) بەراوردکاری لێکچونی پاشگرەکان لە زمانی زاگرۆسیەکان


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | ئیلامی | کاسی | لولوبی | گوتی | |
|---|---|---|---|---|---|
| پاشگرێکی باوە لە زاگرۆسدا بۆ دیاریکردنی ناوی تاک و خوداوەندەکان، ڕەنگدانەوەی ژینگەیەکی هاوبەشی زمانەوانیە هەروەها Halman/Arman لە دەقەکان زۆر ئاماژەیان پێکراوە، پەیوەستن بە زمانی گوتی و لولوبی. | Ḫumb-an (خواوەند) Aw-an (شوێن) | Kadašman (ناوی)Terikan شوێنە لە کوردورو (هاتووە | Rada-nu Zamuan Hudu-n Zab-an | Tiriga-n, Iarlagan-da | **-n / -an-da** |
| پاشگری -aš / -š لە ناوی کەسی و شوێن دا باوە، و بەکەیەکی فۆنێتیک لە ناوی مرۆڤ و شوێنەکاندا دیاری دەکات، بە تایبەت لە زمانی کاسیەکاندا. ئەگەری ئەوە هەیە دوو جۆر پاشگری جیاواز لەمجۆرە š هەبێت. هەروەها لە زمانی کاسی ئەم پاشگرە بۆ پیرۆزکردنی ناوی پاشاکان و شوێنەکان بەکارهاتووە. | Barahši (هەرێمێکە لە ڕۆژهەلات پەیوەستە بە ئیلام) | Karduniaš, Tupliaš, Kaštiliaš, Burna-Buriaš Nazimaruttaš | Sima-š, Kima-š, Tukri-š (ناوی) Ḫadaniš (کەس ʾImmašku(š) | Iarlagaš Igešauš Elulumeš Endušše | -aš / -š و -š / -si / -s(i) |
| پاشگرێکی شوێن/کەسی هاوبەشی گەلانی زاگرۆس و وڵاتی دوو ڕووبار. | Ešnunnak (شوێن) | *Šip-ak* (Marduk) *Tišp-ak* (Enurta) | *Simaki* | *Šarlak*(لە لیستی پاشایاندا نیە) | -ak |
| لە دیالیکتەکانی تری زاگرۆسی لێکچونێکی ورد نیە، بەڵام لە پاشگری p- دەچێت لە زمانی چیانشینەکانی کۆندا (بۆ نموونە هەندێک ناو لە ئیلامدا). لە یەکێک لە هەڵمەتەکانی پاشای ئاشووری تجلات پلاسەری یەکەم پاشای تیرەی قورتیەکان سەر بە هۆزی گوتییەکانی بە ناوی (Irrupi) دەستگیرکردووە کە ناوە فەرمیەکەی کیلی-تیشوب بووە. بەبۆچوونی شپایزر ئەگەر هەیە ناوی شارەکانی سومەری Adab و Kullab پەیوەست بن بە هەمان بنەمای زمانەوانی (سپایزر 94). | Sunki-p (king) | Kaspi | *Kinipa* (هەورامان)*Nišpi* Hani-galla-bi (Mittani) | Lā-ʾarāb, Jarlagab *Lasirab* (لەلیستی پاشایاندا نیە) | **پاشگری *-b*** |
| لە شێوەی نووسینی جیاوازی یەکەم دەنگ (La-, ta-) ڕوونە کە دەنگی سەرەتایی هەمان تایبەتمەندی tl- ی هەیە کە وەک یەکێک لە خاسییەتە دەنگییەکانی ئیلامی دەستنیشان کراوە، تایبەتمەندییەکی بێژەکردنی تایبەتە بە ناوچەی چیایی هاوبەشە لە نێوان ئیلامی، لولو و گوتیدا. | | | At-lila ئاتیلا (شارێك بووە لە زاموا، ئاشورناسیرپاڵ بنیادینایەوەو ناوینا دور-ئاشور). پاشا شاوششاتاری میتانی لە نامەیەکی بۆ پاشای ئاراپخا بە Atilu ئاماژەی پێکردووە. | La/Ta-galaga (شار) | **دەنگی tl-** |

سەرچاوە:

Douglas Frayne. Sargonic and Gutian Periods (2234-2113 BC). RIME, Vol . (٢)
Speiser, Ephraim A. Mesopotamian Origins: Basic Population Of The Near East. 19

بە گوێرەی ئەم بەراوردکارییە زمانەوانیەی کە لە خشتەی سەرەوەدا نیشان دراوە، زمانی گوتی خاوەنی سیستەمێکی دەنگی تایبەت بووە، بەتایبەت لە بەکارهێنانی پیتە لێکدراو و بزوێنە تایبەتەکاندا. و ئەم تایبەتمەندییە یەکێتییەکی پێکهاتەیی قووڵ ئاشکرا دەکات لەگەڵ زمانەکانی تری زاگرۆس وەک خوری، لولوبی و کاسی هەروەها ئیلامی. لە ڕووی دەنگسازییەوە (phonology ) ئەم ناوانە نیشانەی ئامادەیی چڕی دەنگە لووتی و قورگییەکانە، ئەمەش شێوازێکی دەنگیی تایبەت و ڕەسەنی زمانەکانی ئەم ناوچەیەیە. لە کاتێکدا شیکاری ووشەسازی لێکچوونێک لە پاشگرەکاندا ئاشکرا دەکات کە ناوی تایبەت و پیشەکان پێناسە دەکەن. هەروەها بەپێی ناوەکان دەردەکەوێت زمانی گوتییەکان زمانێکی لێکدراو ( Agglutinative ) بووە، وەکو زمانە دێرینەکانی تری زاگرۆس. لەم جۆرە زمانانەدا، بۆ دروستکردنی واتای جیاواز، پێشگر یان پاشگر بە ڕەگی وشەکەوە دەلکێنرا. وەکو تێبینی دەکرێت ئەم شێوازەی ووشەسازی کە لە زمانە کۆنەکانی زاگرۆسدا هەبووە، تا ئێستاش بنەمای سەرەکیی دروستکردنی وشەیە لە زمانی کوردیی ئێستادا[37]، کە وەک زمانێکی شیکاری و لێکدراو دەناسرێت، سەرەڕای ئەوەی کە کوردی ئەمڕۆ لە خێزانی زمانەکانی هیندو-ئەورووپی ئەژمار دەکرێت[38]. **تەوەری دووەم**

## زمانی گوتییەکان

بێگومان ئاشکرایە گۆڕان لە دەنگ و مێژووی فۆنەتیکی زمانەکان تاکە بەڵگە نیە بۆ بەراوردکردنی زمان، بەڵکو لە پاڵ ئەمەش واتای ووشە و مانا و پێکهاتەی ڕێزمانی گرنگیەکی تایبەتی هەیە، لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی شێوەی زمان و شرۆڤەکردنی واتای و ڕیشەی دروستبوونی ووشەکان ئەرکێکی زانستی گرانە.

لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا هەندێک زمان هەبووە، زانایان نازانن سەر بە چ بنەماڵەیەکی زمانەوانین، چونکە زمانێکی نزیکیان نەدۆزیوەتەوە هەمان ڕەگ و ڕێزمانیان هەبێت. گومانی تیادا نیە زمانی ئاخاوتنی هۆزەکانی زاگرۆسی لەگەڵ سومەری و هۆزە سامییەکان وەکو ئەکەدی وئاشوری...هتد جیاواز بووە، بەڵام ئایا تا چ ڕادەییەک زمان و شێوەزارەکانی زاگرۆس لەیەکتر نزیکبوونە؟[٣٩] ئەمە تاکو ئەمڕۆ بە پەنهانی ماوەتەوە، یەکەم بە هۆی کەمی سەرچاوە ، دووەم لەبەرئەوەی زمانی ئەو گەلانە وەکو ئاشوری و سومەری لە ناوەندە مەعریفیەکانی نێودەوڵەتی نەبۆتە جێگەی بایەخ پێدان. جگەلەمانە سەرەکیترین هۆکار ئەوەیە کە تاکو ئێستا هیچ دەقێکی نوسراو بە زمانی گوتی نەدۆزراوەتەوە[٤٠]، لە ئەگەری هەبوونیشی بەتایبەت لە ماوەی دەسەڵاتیان لە باشوری وڵاتی دوو ڕووباردا، لەوانەیە لە قۆناغەکانی پاشتر بە ئەنقەست لەناوبردرا بن، ئەگەرچی ژمارەشیان کەم بوو بێت.

لە سەردەمی بابلی کۆندا، حەمورابی (Hammurabi) شەشەمین پاشای بنەماڵەی یەکەمی بابل (١٧٩٢-١٧٥٠ پ.ز). وەک سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی توانی زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی دوو ڕووبار بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە ساڵنامەکانی کۆتایی حوکمڕانیدا، ئاماژە بە سەرکەوتنەکانی دەکات بەسەر هێزەکانی گەلانی چیاکانی زاگرۆس وەک گوتی، سوبارتو و توکریش. لە دەقی سەرکەوتنی ساڵی ٣٢ی حکومڕانیەکەیدا، لە دەقی نوسراودا دوای پیاهەڵدان

به هێز و شکۆی پاشا بەرامبەر بەو گەلانەی کە لە ناوچە دوورەدەستەکان و شاخاویەکاندا نیشتەجێن لە ستوونی چوارەمدا لەپاڵ خەڵکی سوبارتۆ و توکریش ئاماژە بە سەختی و ئاڵۆز زمانەکەیان دەکات[٤١]. لە دەقەکەدا هاتووە:-

**"gu-ti-um$^{KI}$ subartu$^{KI}$ tu-uk-ri-iš$^{ki}$ ša ša-du-šu-nu ne-su-u li-ša-an-šu-nu e-ig-ru a-na ri-it-ti-šu lu wa-di-a-am te-im-šu-nu e-še-a-am a-na-ku-ma [lu(?)]-uš-te-eš-še-ir ša-ni si-bi-tam".**

**"خەڵکی (گوتیوم، سوبارتو و توکریش، ئەوانەی چیاکانیان دوورەدەستن و زمانەکانیان ئاڵۆز (سەخت)ن؛ (خوداوەند) خستنیە ژێر دەستی منەوە. من خۆم سەرپەرشتی کاروبارە شێواوەکانیانم کرد، بۆ جاری حەوتەم[٤٢]".**

ئەم دەقەی حەمورابی بەڵگەیەکی گرنگی زمانەوانییە، چونکە مەبەستی تەنها وەسفێکی ئەدەبی نییە بە تایبەت کاتێک لە دەقەکەدا دەڵێت: **"li-ša-an-šu-nu e-ig-ru"** وشەی ئیگرو (egru) بە ئەکەدی بە واتای "زمانی ئاڵۆز"یان "سەخت" دێت. ئەم وێنایەی حەمورابی ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان کەلتوورو زمانی خەڵکی بابل و چیانشینەکان، دەریدەخات کە زمانی گوتییەکان زمانێکی سەربەخۆ بووە، پەیوەندی هەبووە بە خێزانی زمانە کۆنەکانی لە ناوچەی زاگرۆس باو بوون. و بۆ خەڵکی ناوچە دەشتاییەکان سومەری و ئەکەدییەکان زمانێکی نامۆ و تێنەگەیشتوو بووە و لە خێزانی زمانە سامییەکان نەبووە. ڕەنگە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێت کە گوتییەکانیان بە ئاژەڵی کێوی چواندووە، کە لە چەندین دەقی ئەدەبیاتی سومەری و ئەکەدی هاتووە، گرنگترین ئەو وێنایانە بریتین لە؛ دەقی نەفرەتی ئەکەد، کە گوتییەکان وەکو گەلێکی بێ یاسا و نەریت ناساندووە و لە ڕووی ژیری و ڕەفتاردا وەکو سەگ وێنایان کردوون **(dim-ma lu-ulu, galga urra SIG, ALAN ug bi)**[٤٣]، و لە دەقی سەرکەوتینی ئوتو-خیگالدا (Utu-Ḫegal)بە ماری چیاکان وەسفکراون (**gu-ti-um$^{ki}$ musz-**) **(gir$_2$ ḫur-sag-ga$_2$**[٤٤] ، هەروەها پاشا ئور-نەما (Ur-Nammu)دامەزرێنەری بنەماڵەی سێیەمی ئور(٢١١٢-٢٠٠٤ پ. ز)، لە دەقی سرودێکی پیاهەڵدان گوتییەکانی بە باڵندە چوواندووە **(mušen tēš-bi)**[٤٥]. دەکرێت بڵێین هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو وێنا نەرێنیانەی سەبارەت بە گوتییەکان، ئەوەیە کە سومەری و ئەکەدی خۆیان بە خاوەن زمانێکی دەوڵەمەند دەزانی، بێجگە لەمە هەر زمانێکی تریان بە دەنگی ئاژەڵ و خەڵکەکەیان بە نەفام دەچواند.

ڕەنگە هەر ئەم تایبەتمەندیەی شێوەزاری گوتی کە فێربوونی قورس بووە، هۆکار بێیت بۆ ئەوەی خێرا لە نێو کۆمەڵەی زمانەکانی زاگرۆسی تواێتەوە، هەروەها کەمی دەق لە ماوەی حوکمڕانیان لە باشووری وڵاتی دوو ڕووباردا، لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوەبێت نوسەرەکانی ئەکەدی و سومەرییەکان بە زحمەت فێربوونە[٤٦]. هەر لەبەرئەوە تەنانەت لە ماوەکانی دواتردا پاشاکانی ئاشوری نوێ (٩١١ -٦١٢ پ. ز) لە سەرچاوەکانیاندا، زمانی گوتییەکانیان بە نامۆ و سەخت وەسف کردووە، و لە دەقەکانیان گوتییەکانیان بە سەگ چواندووە، وەکو ئاماژەیەک بۆ سەختی پەیوەندیکردن لەگەڵیان و جیاوازی نێوان زمانەکەیان و زمانە ئاشناکانی وڵاتی دوو ڕووبار. و پاشای ئاشووری ئاشورناسرپاڵی دووەم (Ashurnasirpal II) (٨٨٤- ٨٥٩ پ.ز) لە ساڵنامەکانی ساڵی سێیەمی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی دژی خەڵکی زاموا دەڵێت:-

**"ša KUR.Si-pír-me-na šá GIM MUNUS.MEŠ-te ṣap-ru-ni am-ḫur"**

واتە **"دانیشتوانی ساپیرمینا** (ناوچەیەکە لە زاموا) **وەکو ژن چرپە چرپ دەکەن"**[٤٧].



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

ئەم وەسفە هاوشێوەی وەسفەکەی پاشای بابلی حەمورابییە کە دەڵێت زمانیان (**ئالۆز - Egru**)ە، هەردووکیان دەیسەلمێنن کە زمانی گەلانی زاگرۆس لە بێژەکردن و دەنگە زمانەوانیەکانیان، تایبەتمەندییەکی ئەوەندە جیاوازیان هەبووە کە نووسەرانی دەشتاییەکانی وڵاتی دوو ڕووبار تەنها توانیویانە بە نامۆ بیانچوێنن. ئەم گێڕانەوەیە بە ڕوونی تێڕوانینی پاشا ئاشوورییەکان بۆ زمانە بیانییەکان وەک هێمای بێگانەبوون و دابڕانی کولتووری دەردەخات و پشتڕاستی دەکاتەوە، زمانی گوتییەکان و گەلانی زاگرۆسی بۆ خەڵکی باشووری وڵاتی دوو ڕووبار گۆشەگیرو تێنەگەیشتوو بوونە، و نیشانەی ئەوەیە چیاکانی زاگرۆس تەنها بەربەستی سروشتی نەبووە بەڵکو سنوورێکی کەلتوری و زمانەوانی قایم بووە.

مخابن بە هۆی بە دەستەوە نەبوونی کەرەستەی تەواو بۆ بەکارهێنانی شێوازی دارشتنی زمانی گوتییەکان بۆیە زانیاریەکانمان لە بارەی زمانی هۆزەکانی زاگرۆس بە گشتی و گوتییەکان بە تایبەت زۆر کەمە[٤٨]. تەنها لە چەند وشەیەکی کەم لە دەقە مێخیەکاندا ناسراون، توانراوە هەندێک زانیاری کەم لەو چەند ناوی کەسییەوە لە لیستی پادشاکانی سومەر و دەقەکانی تردا کۆبکرێتەوە، کە بە ڕێنوسی ئەکەدی زمانی فەرمی ئەوکاتەی وڵاتی دوو ڕووبار نووسراون. لەبەر ئەم هۆیە، زانایان ناتوانن ئەم زمانانە پۆلێن بکەن یان پێکهاتەی تەواویان وەک ڕێزمان و شێوازی دارشتنی یان پەیوەندییان بە زمانەکانی ترەوە بزانن[٤٩] ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتووە ئەم زمانە سەر بە کۆمەڵە گەورەکەی زمانەکانی ناوچەی زاگرۆس بووە، وەک ئیلامی و لولوبی و کاسی و خوری[٥٠].

بە گوێرەی شیکردنەوەی زمانەوانی ناوی پاشایانی گوتی (لە خشتەی ١ : ٢ بە وردی ڕوون کراوەتەوە)، سێ جۆر ناوی ناسراو هەیە، پێکهاتە دەنگییەکەیان تایبەتمەندە بە دووبارەبوونەوەی برگەی دووەم *-laga*- هەروەها دەنگەکانی کۆتایی ( *-n / -š / -b* )، و جیاوازی لە برگەی یەکەم (*Warla / Larla / Arla*) کە ئەم برگەیە هاوشێوەی ناوی ناوچەی هالمان ***Halman*** - ئارمان ***Arman***[٥١]، هەروەها هاوشێوەی ناوی ئاران (Aran)ە کە بە واتای هەواری زستانەی کۆچەری (گەرمیان) دێت[٥٢]. ئەم گۆڕانگارییانە لە برگەی یەکەم یان ڕەنگدانەوەی جۆری شێوەزاری گوتییەکانە، یاخود نووسەرە سومەری و ئەکەدییەکان هەوڵیان داوە بە فۆنێتیکی جیاواز بنووسنەوە. هەروەها لە ڕووی دەنگناسیەوە، گۆڕانی پیت (ل) بۆ (ر) یان بەپێچەوانەوە، وا دیارە دیاردەیەکی ناسراوە لە زمانە کۆنەکانی ناوچەکە وەکو لە Halman/Arman بەدی دەکرێت. لەوانەیە لە چوارچێوەی گۆڕانی دەنگیەوە (فۆنەتیک) بەهۆی گۆڕانی شێوەزاری لە ماوەی سەدەکاندا یان خێرایی لە دەربڕین یەکێک لە دەنگەکان (بەزۆری بزوێنەکان یان هەندێک لە نەبزوێنەکان) لە ناوەڕاستی وشەکەدا لادراون یان تواینەوە، کە جێگەی سەرنجە لە ئێستادا ئەمە لە شێوەزاری هەولێردا بەدی دەکرێت نموونە وەکو (قەڵات) لە ناوچەی هەولێر (ڵ) بە (ر) گۆ دەکرێت دەوترێت (قەرات) و (ماڵ / مار). ئەم گۆڕانە ڕەنگە پاشخانێکی مێژووی هەزاران ساڵەی هەبێت[٥٣].

ئەگەر تێبینی بکەین، ئەم لێکچوون و گۆڕانکاریەکانی دەنگسازی تەنها لە ناوە تایبەتەکاندا بەدی ناکرێت. بەڵکو جێی سەرنجە پاشای ئاشوری ئاشورناسرپاڵی دووەم لە هێرشەکەیدا بۆ سەر ناوچەی زاموا، ئاماژەی بە شارێک کردووە بە ناوی *لاگالاگا Lagalaga* لە ناوچەی سلێمانی کە ناوچەی لولوبیەکان بووە، لەوانەیە ئەم توخمە *لاگا laga* لە هەردوو زمانی لولوبی و گوتیدا بەکارهاتبێت، بەڵام لە ئێستادا بە توخمێکی گوتی ناسراوە[٥٤]. و دەرکەوتنی لە ناوی چەند شارێکی لولوبی وەک "*لاگالاگا*(*Lagalaga*)" ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پەیوەندی زمانەوانی هەردوو

گروپ. ئەگەر بڵێین دەنگناسی زمانی کوردیی نوێ لە ناونانی شوێنەکاندا وەک خاڵخاڵان، درێژکراوەی هەمان ئەو سیستمە زمانەوانییە زاگرۆسییە کۆنەیە کە لە هەزارەی دووەم و سێیەمی پ. ز ناوچەی لاگالاگای پێ ناونراوە ڕەنگە هەڵە نەبین. دووبارەکردنەوەی خاڵ+خاڵ لەگەڵ پاشگری (ان) کە پاشگرێکی باوی نێو زمانی گەلانی زاگرۆسە، هەمان شێواز و سیستەمی لاگالاگایە ڕەنگە ئەمەش ڕەگێکی مێژوویی قووڵی هەبێت.

ئەم پەیوەندیە زمانەوانییە وا دیارە تەنها بە لایەنی دەنگەوە پەیوەست نیە، وەکو دەردەکەوێت پێکهاتەی "لاگ(ا) (lag(a)" "لە ناوی پاشاکان، شارەکان و خوداوەندی گوتی، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دروستکردنی ناوەکانیان. بۆ نموونە، لە ناوی وەک ***شارلاگاب*** (***Šarlagab***)، ***یارلاگاب (Iarlagab)*** و ***یارلاگاندا***(***Iarlaganda***) دەردەکەوێت. وادیارە ئەم ***لاگ(ا)*** یە ڕەگەزێکی دەنگناسی بێت، بەکارهاتووە تا واتایەکی تایبەت بە ناوەکە ببەخشێت. و بوونی ئەم توخمە لە ناوی خواوەندی گوتی (**Abublab**) لە لیستی خواوەندەکان (An = Anum) ئاماژەیەکە وەکو هێمایەک واتایەکی ئاینی هەبووە[55]. هەروەها بوونی دەنگی "تل (tl) "لە ناوەکانی گوتی، وەکو چۆن لە ناوی ***Atlila*** شاری لولوبی بەدی دەکرێت، لە گوتی وەکو لە ***Lagalaga / Tagalaga*** کە هەندێکجار لە نووسینە مێخییەکاندا "لا (la) "یان "تا (ta) " دەنوسرا[56]، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە نوسەرانی وڵاتی دوو ڕوبار نەیانتوانیووە شێوەزارەکانی گوتی و لولوبی و ئیلامی لەیەکتر جیا بکەنەوە، کە سیستەمێکی ئاڵۆزتریان هەبووە بە بەراورد بە زمانی سامیەکان و سومەریەکان. بۆیە هەوڵیانداوە بە نزیکترین دەنگی هاوشێوە بینووسنەوە.

لەم نێوەندەدا شیکردنەوەی زمانەوانی پاشگری ناوەکان، تارادەیەک زانیاریمان پێدەدات سەبارەت بە پیکهاتەی زمانەوانیان. وەکو لە دۆخی دەرکەوتن یان ونبوونی دەنگی **/-n/** (خشتەی ١ : ٣) لە کۆتایی ناوەکانی گوتیدا نیشاندەری ئەوەیە، کە زمانی گوتی زمانێکی چالاك بووەو بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەهۆی جیاوازیی شێوەزار یان بەهۆی پەرەسەندنی زمان بە تێپەڕینی کات کە لە سەردەمێکدا دەرکەوتووەو لە ماوەیەکی تردا ونبووە[57]. ئەم دیاریدە زمانەوانیە بە ڕوونی لە ناوی دواهەمین پاشای گوتییەکان بەدی دەکرێت[58]. نموونە:

- **Tiriga** ← بێ -n
- **Tiriga-n** ← بە -n

کاریگەری ئەم شێوازە زمانەوانیە و بەکارهێنانی لە تۆمارە مێژووییەکانی دواتردا، پاش دەسەڵات و لە دەرەوەی دەسەلاتی گوتییەکان بە ڕوونی دەردکەوێت، سەرەڕای جیاوازی لە لایەنی فۆنەتیکی (دەنگی) بەڵام جەخت لەسەر بەردەوامی ئەو میراتە زمانەوانیە دەکاتەوە، وەکو لە بەردە سنوورێکی (کودورو) کاشی کە لە مۆزەخانەی لوڤەر پارێزراوە، بۆ سەردەمی بابلی ناوەڕاست (١٤٠٠-١١٠٠ پ. ز)، پاشای کاشی نازی-ماروتتاشی (Nazi-Maruttaš) (١٣٠١-١٢٧٧ پ. ز)[59] دەگەڕێتەوە. لە ستوونی یەکەم دێڕی (٢٤)دا ئاماژە بە شارێک کراوە بە ناوی تیریقان (Tiriqan)[60]، هەروەها چەند سەدەیەک پاشتر لەدوای پاشای گوتی لە ناوچەی شاگربازاڕ (Šagir-Bazar) ناوی کەسێک بە تێریکان (Terikan) هاتووە[61]. بێجگە لەم ناوانە لە دەقەکانی شمشارە و شاگربازاڕ و ماری ژمارەیەک ناو تێبینی کراوە، کە بە پاشگری (ان) یاخود (گ-ان) کۆتاییان هاتووە، بێگومان ئەم ناوانە پەیوەندیان بە ناوی سومەری و زمانی سامیەکان (ئەکەدی، بابلی،...هتد) نیە، بۆیە توێژەرێکی وەکو گێلب (Gelb) ڕەتی ناکاتەوە ئەم پاشگرە

پەیوەستە بە زمانی گەلانی زاگرۆسی[٦٢]. سەرەڕای ئەم دەقانە بە گوێرەی دەقێکی بابلی کۆن (١٩٠٠ – ١٦٠٠ پ. ز) کەسایەتیەکی گوتی لە شاری کیش وەکو سەرباز لە یەکەی هێزەکانی گوتییەکان بە ناوی بیگان (Bigaan) ناوی هاتووە[٦٣]. ئەم بەڵگانە جەخت لەسەر ئەم میراتە زمانەوانیە دەکاتەوە لە نێو گوتییەکان بە تایبەتی و گەلانی زاگرۆسی بە گشتی. و لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا هەمان دۆخی زمانەوانی بەدی دەکرێت، پاشگری (ان) و (ک-ان) چەندین ئەرکی هەیە، زۆرجار ئەم پاشگرە دەخرێتە پاڵ ناو وەکو نیشانەی کۆ، یان ئاماژە بە شوێن یاخود ئاماژەدان بەکات وەکو لە ووشەی (بەهاران)دا هەیە، هەروەها زۆرجار دەخرێتە پاڵ وشە بۆ وەسفکردنی دۆخێک وەکو لە ناوی (سازان) و (کوردان)دا بەدی دەکرێت.

لە ڕێگەی شیکاری ووشەسازی و دەنگناسی ناوی پاشایانی گوتی، دەکرێت تێبینی ئەوە بکەین کە ناوەکانیان خاوەن سیستەمێکی ڕێزمانی تۆکمەن. بۆ نموونە پاشگری ***b-*** لە زمانی گوتی وا دەردەکەوێت تەنها پاشگرێکی ئاسایی نیە، بەڵکو پاشگرێکی کردارییە و شێوەیەکە بۆ دروستکردنی ناو لە ڕەگی کردارەوە لەوانەیە هاوشێوەی پاشگری ***p/-b-*** لە ئیلامی و لولو بێت، بۆ کۆکردنەوە یان دروستکردنی ناو. واتە لەکاتی زیادکردنی بۆ ناوی پاشا وەکو (***Jar - laga -b***) لەوانەیە (***laga***) چاووگی فەرمان بێت و بە زیادکردنی پاشگری (***b-***) بگۆڕێت بۆ نازناوێکی کەسی کە کارێکی کردووە یان ئامانجێکی بەدیهێناوە لە دوایدا گۆڕاوە بۆ ناو، وەکو ئەمشێوەیە:

```
Sar + laga + b
 |       |       |
 |       |       └─ پاشگری کردار = ئەوەی کردی
 |       └─ چاوگی کردار = کردن، بەدیهێنان
 └─ بنەڕەت
```

تایبەتمەندیەکانی زمانی گوتی تەنها لە پاشگری (b-) بەرجەستە نابێت، پاشگری دیکە وەکو پاشگری (š- )، لە ناوی شوێنەکانی ***سیما-ش Sima-š***، ***کیما-ش Kima-š***، ***توکری-ش Tukri-š*** هەیە، لەوانەیە لەگەڵ پاشگری لولوبی ***si/še*** لە ***باراهسی Barahsi*** هاوشێوە بێت. جگە لە ناوی شوێن پاشگری ***š-*** لەگەڵ ناوی کەسیشدا هاتووە، وەکو ناوی پاشای گوتی ئیندوششی ***Endušše*** [٦٤] و سەرداری خەمازی خاتانیش ***Ḫataniš*** [٦٥]. پێویستە لە یاد نەکەین کە پاشگری ***aš-*** لە زمانی کاشیەکاندا زۆر باو بووە، لە ناوی کەسی گانداش کاشتلیاش دا هەیە و لە ناوی شوێن وەکو کاردونیاش و توپلیاشیشدا هەبووە[٦٦]. ئەم لەیەکچوونە دەیسەلمێنێت کەوا پردێکی پەیوەندی بەهێز لە نێوان زمانی گەلانی زاگرۆسیدا هەبووە.

لە کاتێکدا پاشگرەکانی پێشوو پەیوەندیان لە گەڵ زمانی ئیلامی و کاسیدا هەبوو، بەڵام پاشگری ***an-*** کە لە ناوچەکانی زاگرۆسدا باوبووە، ئەم پاشگرە هەرچەندە لە ڕووی دەنگەوە لە گەڵ پاشگرەکانی زمانی لولوبی لەگەڵ پاشگری nu- / un- / ni لە زمانی (لولو) و هاوتا نین و جیاوازە، بەڵام لە ڕووی ڕیزمانیەوە تەواوکەری هەمان سیستەمی زمانەوانیە نزیکەی هەمان ئەرکی ڕێزمانی هەیە، و لە زمانەکانی زاگرۆسدا سەر بە هەمان بنەمای ووشەسازی و تەنها جیاوازی لە فۆڕمی فۆنێتیکدا هەیە. ئەم پاشگرە لە نازناوی کۆتا پاشای گوتی (تیریگان)دا لە ولاتی دوو ڕووباردا دەردەکەوێت کە تەنها چل ڕۆژ داژداری کردووە[٦٧].



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**خشتەی (١:١) شیکردنەوەی ناوی برگەکانی ناوی پاشاکانی گوتی**

| ناوی پاشا | برگەی سەرەتا | برگەی ناوەڕاست | برگەی کۆتایی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| **Jarlagab** | Jar/War/Ar | -laga- | -b | برگەی یەکەمی هاوشێوەی ناوی Halman / Arman کە لە دەقەکانی ئەکەدی و سومەریدا هاتووەو بەشێوازی جیاواز ڕێنوس کراوە وەکو وارلا، إيارلا، آرلا. |
| **Iarla** | Jar/War/Ar | -laga- | / | کۆتاییەکەی نەنوسراوە، ناوەکە کورتکراوەیە!. |
| **Iarlagaš Igešauš** | Jar/War/Ar | -laga- | -š | پاشگرێکی باوە لە زمانی گوتیدا. و لەگەڵ ناوەکانی کیماش، سیماش هاتووە. پێدەچێت دووجۆر لەم پاشگرە هەبێت. |
| **Iarlagan-da** | Jar/War/Ar | -laga- | -n/nda | کۆتاییەکەی بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت (-n/nda) |
| **Tiriga-n** | Tiri- | -ga- | -n | زۆرجار -n نانوسرێت، وادیارە پاشگرێکی بێدەنگ بووە، واتە بێژە (تلفظ) نەکراوە. |
| **Lasirab** | La- | -sir- | -ab | لە لیستی پاشایاندا نییە. |
| **Šarlak** | Šar- | -lak | K? | |

خشتەی (١ : ٣) شیکردنەوەی پاشگرەکانی زمانی گوتی

| جۆری پاشگر | ئەرکی پاشگر (وظیفة) | نموونە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| -an/ -n | پاشگرێکی ناوییە بۆ دیاریکردنی ئینتما، ناوچە، بنەماڵە | Tirig-an | پاشگری an- پاشگرێکی گشتییە لە گرووپی زاگرۆس (عێلامی، لوللو، گوتی)" واتا: ئەم پاشگرە تایبەتە بە زمانەکانی چیای زاگرۆس |
| -b | ئەم پاشگرە پاشگرێکی کرداریە، نەک پاشگری ناوی | Jarlaga-b، lasira-b، šarla-k (شارلاک) | ئامرازێکی لێکدانە (آداة اشتقاق) پەیوەستە بە کردار یان دەستکەوت و زیاد دەکرێت بۆ دروستکردنی وشە لە ڕەگی کردارەوە. لەوانەیە هاوشێوەی پاشگری p/-b- لە ئیلامی و لولو بێت) بۆ کۆکردنەوە یان دروستکردنی ناو نموونە: خوێندن (کردارە) بە زیادکردنی (ەر) دەبێتە خوێنەر. |
| Laga | ڕەگی کردار | | ئەگەر تێبینی بکەین پاشگری b- و k- لەگەڵ laga هاتووە. ئەگەر laga ڕەگی کردار بێت و b- پاشگرێکی کرداری بێت بۆ دروستکردنی ناوی کردار کە ئێستاش لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە، هەروەها لە زمانی گوتی ئاماژەیە بۆ شکۆداری واتە پەیوەستە بە هێزو کردار. هاوشێوەی ڕەگی زمانی ئیلامی lak/lag یە. |
| -Š/ -s / ši | پاشگرێکی ناوچە یان هۆزە؟ | larlaga-š , sima-š , kima-š , hadani-š | لەوانەیە هاوشێوەی پاشگری si- لولوبی بێت. لە زمانی گوتیدا باوە، پەیوەستە بە دۆخی (Ergative- مفعل) واتە نشیانەیەکە بۆ (بکەر) ئەو کەسەی فەرمانێکی جێبەجێ کردووە تێپەڕیووە تەواوبووە. |
| دەنگی tl- | | Lagalaga / tagalaga تەنانەت<br><br>lagab-galaga نوسراوە | هەندێکجار لە نووسینە مێخییەکاندا "لا" (la) "یان" "تا" (ta) " دەنوسرا. پێدەچێت نووسەرەکان چۆنیان گوێی لێ بووە بەمشێوەیە ڕێنوسیان کردووە. |

**ئەنجامەکان**

١. وڵاتی گوتییەکان (گوتیوم) پێگەیەکی جوگرافی زۆر گرنگی هەبووە لە نێوان شارستانیەتی

ئیلام و بەرزاییەکانی باکووری زاگرۆس، کە خاڵی بەیەکگەیشتنی دەشتەکانی وڵاتی دووڕووبارو و ناوچە شاخاوییەکانی ئێران بووە. و سنووری گوتیوم لە باشوورەوە لە نزیک ئیلام دەستی پێکردووە و بەرەو باکوور تا سنووری شانشینی مانناییەکان و باشووری دەریاچەی ورمێ درێژ بووەتەوە.

٢. ئەم توێژینەوەیە ئەو تێڕوانینە کۆنانە ڕەتدەکاتەوە، کە زمانی گوتی بە زمانە هیندو-ئەوروپییەکان (یاخود تۆخاری) دەبەستنەوە، و بێ بنەمایی ئەو چەمکانە دەسەلمێنێت.

٣. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان و ئەو چەند ناوانەی لە دەقەکانی وولاتی دوو ڕووباردا هەن، دەرکەوتووە زمانەکەیان نە سامی بووە، نە هیندو-ئەورووپی، بەڵکو زمانێکی تایبەت و سەربەخۆی ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس بووە، کە ناسنامەیەکی جیاوازی هەبووە.

٤. بەڵگە زمانەوانییەکان دەری دەخەن، زمانی گوتی نزیکایەتی و بەستەرێکی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی هۆکاریی لەگەڵ زمانەکانی تری زاگرۆس وەک خوری، لولوبی و کاسی هەروەها ئیلامی هەبووە.

٥. دەقە ئاشووری و بابلییەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا ناوی (گوتییان وەک چەمکێکی گشتی بۆ هەموو گەلانی چیانشینانی زاگرۆس بەکارهێناوە، ئەمەش بووەتە هۆی وون بوونی شوناسی ڕاستەقینەی گوتییەکان لە مێژوودا.

٦. لەبەر نەبوونی دەقی درێژی نووسراو بە زمانی گوتی، شیکردنەوەی ناوی پاشاکان و ناوە تایبەتەکان لە لیستی پاشاکانی سومەریدا بووەتە کلیل و بەستەرێکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی زمانی گوتییەکان.

٧. زمانی گوتی خاوەنی سیستەمێکی دەنگی تایبەت بووە، و جیاواز بووە لە ئەکەدی و سومەری، بەتایبەت لە بەکارهێنانی پیتە لێکدراو و بزوێنە تایبەتەکاندا.

٨. گوتییەکان هێزێکی سەربازی کاریگەر بوون، توانیویانە دەوڵەتی ئەکەدی بڕوخێنن و بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایی ناوچەکە بکەن، ئەمەش نیشانەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێزی ئەوانە.

٩. سەرەڕای هەوڵەکانی سڕینەوەو شێواندنی کەلتووریان و ناساندنیان بە "بەربەری" لەلایەن نەیارەکانیانەوە، گوتییەکان وەک یەکێک لە ڕەسەنترین گەلانی زاگرۆس خاوەن شوناسێکی کەلتووری و زمانیی سەربەخۆ بوون، کە کاریگەری قووڵی لەسەر مێژووی

دواتری ناوچەکە وەک میدییەکان و کوردانی ئێستا جێهێشتووە.

**پەراوێز**

[١] محمد صالح زێباری, "الحكم الكوتي لبلاد وادي الرافدين(٢٢٥٠-٢١٣٠ ق.م) دراسة نقدية للنصوص المسمارية," مجلة جامعة دهۆك (دهۆک) مجلد (٢٤) .no, عدد (١) (٢٠٢١): ص ١٣٢.

[٢] بە پشتبەستن بە لایەنی زمانەوانی توێژەری ئەلمانی **والتر برونو هینینگ**(W.B.Henning) ، لە توێژینەوەیەک کە لەدوای مردنی بڵاوکرایەوە، گریمانە دەکات گوتییەکان لەوانەیە توچاریە یەکەمەکان (Proto-Tocharians) بن، پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان توچاریەکان و گوتییەکان هەبووبێت و کەسوکاری هیتیەکان بن. کە تۆخارییەکان یان تاخارەکان گەلێکی هیندۆ-ئەورووپی بوون، لە شارە دەوڵەتەکانی ناوچەی بیابانی لەسەر لێواری باکووری حەوزی تاریم (Tarim Basin) دەژیان، دەکەوێتە ناوچەی شینجیانگ (Xinjiang) لە باکووری ڕۆژئاوای چین. بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچونەکەشی سەرنجی خستەسەر لێکچونی دەنگی ĕ(e) لە کۆتایی ناوی پاشاکانی گوتی و بزوێنەکانی زمانی توجاری، هەروەها لێکچونی ناوی (Guti) و ناوی (Kuči) ناوی خۆجێی شاری کوتشای توجاری. بەڵام ئەم تیۆرە ڕەخنەیەکی زۆری لێگیراوە، ڕەخنەگران ئاماژە بە بوونی کەلێنێکی روون دەکەن، لە ڕووی کات و شوێنی جوگرافی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی گوتییەکان و توجارییەکان. هەروەها بڵاوبوونەوەی توێژینەوەکەی دوای مردنی لەوانەیە **هینینگ** خۆشی بە تەواوی بڕوای بە تیۆرەکەی نەبووبێت، وەڵامێکی زانستی نەبووبێت لەبەرامبەر ڕەخنەکان .

W.B. Henning, The First Indo-Europeans in History, 1978, Accessed: 2025-10-25 21:08:53, http://s155239215.onlinehome.us/turkic/21Tochars/HenningGutiesEn.htm; and Panteleimon Sokhadze, "Migrations in the Ancient Mesopotamia: Historical and Linguistic Influence of The Gutians," History, Archaeology, Ethnology 05 (July 2021): P. 254.

[٣] هیندو ئەورووپیەکان: ئەمانە کۆمەڵە خەڵکانێک و هۆزبوون لەرووی زمانەوە پەیوەندی پتەویان بەیەکەوە هەیە، بە چەندین کاروان وشەپۆلی جیاواز لە ماوەی مێژوویی جیاواز، لەناوچەکانی باکوور یان ڕۆژهەڵات هاتوون بەرەو ڕۆژهەڵاتی کۆن لە ناوچەکانی وڵاتی دوو ڕووبارو ئەنادۆڵ و شام و بانی ئێران جێگیربوون. یەکەم شەپۆلێ هیندو ئەوروپیەکانی ڕۆژهەڵات هیتیەکان بوون کە لە دەوروبەری ١٦٥٠٠ پ.ز لە ئەنادۆڵ نیشتەجێبوون. تاکو ئێستا زانایان کۆک نین لەسەر نیشتمانی ڕەسەن و مێژووی کۆچی ئەو گەلانە. سیر لیونارد ولی پێیوایە ئەم لە باشووری رووسیا بەهۆی چەند کێشەیەکەوە نیشتیمانی خۆیان جێهێشتوە، لە ڕێی قەوقاسەوە روویان کردۆتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خۆیان، بە دوای شوێنێکی باشترو گونجاوتردا گەڕاون بۆ فەراهەم کردنی ژیانێکی ئارامترو دۆزینەوەی خاکێکی بەپیت تر .

Lars Martin Fosse, "Aryan Past and Post-Colonial Present: The Polemics and Politics of Indigenous Aryanism," in The Indo-Aryan Controversy: Evidence and Inference in Indian History, First (Routledge & CRC Press, 2005).

[4] Tomasz J. Szczęsny, 'The Gutian Invasion in the Middle East as a Possible Anthropogenic Trigger Factor in the Development of the 4.2 Ky Event', Open Journal of Ecology 9, no. 09 (2019): P. 345.

[٥] نامرو :namru واتای (درەوشاوە، ڕۆشن) دەگەیەنێت، بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی مانای ئەم دەستەواژەیە دەڕوانرێتە : Erica Reiner, ed., *CAD / N*, Vol (11), Part (2) (The Oriental Institute of the University of Chicago., n.d.), P. 244.

[٦] جەمال ڕەشید ئەحمەد و فەوزی ڕەشید، مێژووی کۆنی کورد، چاپی پێنجەم، و. ملکۆ کەلاری (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە, ٢٠١٩), ل. ٩٢.

[7] Ephraim A. Speiser, Mesopotamian Origins: Basic Population Of The Near East (1930), PP 107-108.

[8] Speiser, op. cit, P 105.

[9] William W. Hallo, “Gutium,” *RIA* (Berlin), Fabel-Gyges und Nachtrag, Vol. (3) (Berlin 1971): P. 717.

[10] Kozad M. Ahmed, “The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC) : A Historical and Cultural Synthesis” ((Phd), Leiden University, 2012), P. 74.

[11] Isaac Mendelsohn, Slavery in the Ancient Near East (Oxford University Press; New York, 1949), PP 3-4.

[12] Speiser, op. cit., P 95.

[13] William W. Hallo, “Gutium,” P 717.

[14] Tomasz J. Szczęsny, ‘The Gutian Invasion in the Middle East as a Possible Anthropogenic Trigger Factor in the Development of the 4.2 Ky Event’, Open Journal of Ecology 9, no. 9 (2019): P 345.

[15] Vladimir Emelianov, ‘What Could Be an Opposition to the Sumerian Self-Designation “The Black-Headed"?’, paper presented at Sacred Ground: Place and Space in Mythology and Religion, BELGRADE, SERBIA, Fifteenth Annual International Conference, International Association For Comparative Mythology & Institute Of Archaeology, Belgrade, Serbia, 7 June 2022, P 26-28.

[١٦] تیۆری ڕەگەزپەرستی :Racial discrimination بریتیە لە کۆمەڵێك بیروبۆچوون بە هۆی جیاوازیە کۆمەلایەتیەکانی گروپێك، نەتەوە، چین یان توێژێک بەسەر گروپەکانی تردا زاڵ دەکات. ئەمانەش پەیوەستن بە داب و نەریت، ڕەوشت، توانستی، تا دەگاتە جیاوازی ڕەنگی پێست، ڕۆشنبیری و زمان و ئایین، بیروڕا و هاوسۆزی بۆ ئەو چین و توێژەی کە یەک ڕەگەزن .

Sonia Cole, Races of Man, Second (Trustees of the British Museum/ Natural History, 1965), P 42.

[17] Marcella Frangipane, ‘Different Types of Multiethnic Societies and Different Patterns of Development and Change in the Prehistoric Near East’, Proceedings of the National Academy of Sciences of the United States of America 112, no. 30 (2015): P 9184.

[١٨] جەمال ڕەشید ئەحمەد و فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٠١.

[19] Wolfgang Röllig, “‘Drachen des Gebirges’: Fremde als Bedrohung in Mesopotamien,” in Töten im Krieg, ed. Hienrich Von Stietencron and Jörg Rüpke (Karl Alber, 1995), P 95.

[20] Akira Tsuneki et al., Preliminary Report of The Charmo (Jarmo) Prehistoric Investigations, 2022, Vol. (44) (2023): P. 13.

[٢١] بەپێی توێژینەوەکانی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجی) هەموو مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ، نەوەی یەک جۆری سەرەکییە کە ‘هۆمۆ ساپیەنز(Homo Sapiens) ’ە. ئەمجۆرە لە بنەڕەتدا لە بەشێکی کیشوەری ئەفریقیا نزیکەی ٨٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەرکەوتووە، بەشێک لەو مرۆڤە سەرەتاییانە نزیکەی ٤٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا، دەستیان کرد بە کۆچکردن بەرەو جیهانی کۆن، واتە کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەوروپا، بەشەکانی دیکەی ئەفریقیا. بەهۆی کاریگەریی ژینگەیی و جوگرافیای جیاوازەوە، ڕەگەزی مرۆڤ بەپێی دەرکەوتنی جەستەیی بۆ سێ بەشی سەرەکی پۆلێنکراوە: قەوقازی (سپی پێست)، مەنگۆلی (زەرد)، ڕەشپێست (زەنجی). زاراوەی ‘قەوقازی’ بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای مرۆڤناسی ئەڵمانی، یۆهان فریدریش بلومنباخ (١٧٥٢-١٨٤٠ ز) بەکارهاتووە. زۆربەی زانایان، قەوقازییەکان بۆ سێ لقی ناوچەیی دابەش دەکەن: ئەڵپی، دەریای ناوەڕاست(Mediterranean) ، و نۆردین .(Nordic) کورد، عەرەب، و فارس لە ڕەچەڵەکی قەوقازین. بە درێژایی مێژوو، بەهۆی شاڵاوە سەربازییەکان و داگیرکارییەکانەوە، تێکەڵاو بە یەکتربوونە. بڕوانە-:

Sonia Cole,op. cit., P. 42.

[٢٢] لە توێژینەوە کۆنەکانی ڕۆژئاوادا زۆرجار بە (قەوقازییەکان) ناودەبرێن، لە کتێبی پیرۆز)یافثی (Japhethite بەکاردێت بۆ ئەم گرووپانەی نە هیندوئەوروپین و نە سامی و نە حامیین، دەستەواژەکان کەموکوڕییان هەیە،

'ئاسیایی' لەوانەیە گەلانی ئاسیای ناوەڕاست و هەندێک لە گەلانی ئەنادۆڵ و فارس و ڕەنگە قەفقاز لەخۆبگرێت، و " قەوقازی " تەنها ناوچەیەکی جوگرافی بچووک دەگرێتەوە، یان لە مرۆڤناسیدا ئاماژەیە بۆ زۆربەی سپیپێستەکان یان بەشێک لەوان، بۆیە سپایزەر زاراوەی (یافتی) بە باشتر دەزانێت بەهۆی نەرمی و ئەگەری فراوانبوونی جوگرافی و کرۆنۆلۆژییەوە، لەرووی نەژادی خەڵکی ڕەسەنی ڕۆژئاوای بانە بەرزەکانی ڕۆژئاوای دەریای قەزوین و زاگرۆس و باکووری میزوپۆتامیا دەگرێتەوە. بەڵام ئێمە پێمان باشە (ئاسیایی) بەکاربهێنین چونکە زاگروس بەشێکی کیشوەری ئاسیاییە کە لەگەڵ بەرەبەیانی مێژوودا مرۆڤی تیادا ژیاوە. بڕوانە :
Speiser, op. cit., PP 15–18, 164–173, 172–173.

[٢٣] ئەم دەستەواژەیە لە وشەی سومەری ئیلام Elam و ئەکەدی ئیلامتو Elamtu هاتووە، کە ناوێکە لەلایەن دانیشتوانی دوو رووبار بۆ ئاماژەکردن بە بەرزاییەکانی ئێران و کۆمەڵە ڕەگەزییە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیە. بەکارهێنراوە. و شوێنی جوگرافی ئیلامی دێرین جگە لە دەشتاییەکانی سووسە، لە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا، بەشێکی فراوانی لە بەرزاییەکانی زاگرۆس و کوردستانی کۆنی گرتووەتەوە کە بە ئەنشان دەناسران. ئەم ناوچەیە بەدرێژایی مێژوو لانکەی شارستانیەت و شوێنی دروستبوونی چەندین دەسەڵاتی سیاسی و شانشینی جۆراوجۆر بووە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە ئەم سەرچاوەیە:
Javier Álvarez-Mon et al., eds., The Elamite World (Routledge, 2018), https://doi.org/10.4324/9781315658032.

[24] Ignace J Gelb, Hurrians And Subarians, Second Impression 1973, Studies in Ancient Oriental Civilization 22 (Oriental Institute of the University of Chicago, 1944), P. 7.

[25] Iosif Lazaridis et al., 'Genomic Insights into the Origin of Farming in the Ancient Near East', Nature 536, no. 7617 (2016): P 3.

[26] Mario Liverani, The Ancient Near East : History, Society and Economy, with Internet Archive (Routledge/Taylor & Francis Group, 2014), P 528.,

[27] Speiser, op. cit., P 170.

[28] Aline Tenu, 'Kunara: An Early Bronze Age City in the Zagros Foothills. The 2018 and 2019 Seasons of Excavations', 12th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East 2 (April 2021): P 603-610.

[29] Marc Van de Mieroop, A History of the Ancient Near East, ca 3000-323 BC, Third Edition (Wiley Blackwell, 2016), P. 59.

[٣٠] دیاکۆنۆف ئیگەر میخایلۆڤیچ، مێژووی میدیا، چاپی یەکەم، و. پێشەوا خالید (دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان, ٢٠٢١)، ل ٢٠٠.

[31] Lara González Carretero et al., 'Investigating Early Agriculture, Plant Use and Culinary Practices at Neolithic Jarmo (Iraqi Kurdistan)', Journal of Archaeological Science: Reports 52 (December 2023): P 7.

[32] Roger Matthews et al., The Early Neolithic of the Eastern Fertile Crescent. Excavations at Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan (Oxbow Books, 2020), P 184.

[33] Elena Torres, "Evolución de la presencia guti en Mesopotamia y su papel en el colapso del Imperio acadio," Centro Superior de Estudios de Oriente Próximo y Egiptología Vol. (11/12) (2010): 99–113.

[34] Speiser, op. cit, P 169.

[35] ibid, P 97-98.

[٣٦] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. دا، چاپی دووەم (بنکەی ژین, ٢٠٠٨)، ل ٥٤.

[٣٧] دیاکۆ هاشمی, پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی, چاپی دووەم (ئەکادیمیای کوردی, ٢٠٢٥), ل ٣٥.

[38] James Clackson, Indo-European Linguistics: An Introduction (University of Cambridge, 2007), P. 1-10.

[39] Kozad M. Ahmed, op.cit., P 65.

[٤٠] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل.٥٣.

[41] William W. Hallo, “New Light On The Gutians,” in Ethnicity in Ancient Mesopotamia, ed. W.H. Van Soldt, with R. Kalvelagen and D. Katz, Papers Read at the 48th Rencontre Assyriologique Internationale Leiden, 1-4 July 2002 (Nederlands Instituut voor het Nabije Oosten (NINO), 2002), P. 155.

[42] C. J. Gadd and L. Legrain, Ur Excavation Texts I. Royal Inscriptions. Text (British Museum; Oxford University Press, 1928), P. 45.

[43] Jerrold S. Cooper, The Curse of Agade, Johns Hopkins Near Eastern Studies (Johns Hopkins University Press, 1983), P. 56.

[44] Douglas Frayne, Sargonic and Gutian Periods (2234-2113 BC), RIME, Vol. (2) (University of Toronto Press, 1993), P. 287.

[45] Douglas R. Frayne, Pre-Sargonic Period: Early Periods, Volume 1 (2700-2350 BC), RIME Vol. (1) (University of Toronto Press, 2008), P. 67.

[٤٦] أحمد محمود خليل, تاريخ اسلاف الكورد, الطبعة الاولى (دار موكرياني للبحوث والنشر, ٢٠١٣), ص ٤٨.

[47] Daniel David Luckenbill, ed., Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 1, Historical Recordes of Assyria, First (The University Of Chicago press/ Illinois, 1926), P 153.; Albert Kirk Grayson, Assyrian Rulers of the Early First Millennium (1114 - 859 BC), Vol. (2), RIMA (University of Toronto Press, 2002), P. 207.

[٤٨] دیاکۆنۆف ئیگەر میخایلۆڤیچ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٨.

[49] John Huehnergard and Na’ama Pat-El, “Languages of the Ancient Near East: An Annotated Bibliography,” Academia.Edu, October 2012, P 20.

[٥٠] جەمال ڕەشید ئەحمەد و فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.; و دیاکۆنۆف ئیگەر میخایلۆڤیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٥.

[٥١] ناوی Halman یان Alman یەکێکە لە ناوە دێرین و ستراتیژییەکانی ناوچەی زاگرۆس و ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیای کۆن. ئەم ناوە لە دەقە مێخیەکاندا بە چەندین شێوە هاتووە وەک ئارمان و لالمان و ئالمان. لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەم ناوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە تا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بووە بە حەلوان (Ḥalwān) و لە سەردەمی ئێستاشدا هەر بەو ناوە دەناسرێتەوە. هەروەها ناوی ڕووباری ئەڵوەند (Alwand) لە هەمان ڕەگەوە هاتووە کە گۆڕانکارییەکەی بەم شێوەیە بووە Alman > Halman > Alman > Alwan > Alwand : لە ڕووی ستراتیژییەوە، ئەم ناوچەیە بە کۆڵەکەی جوگرافی وڵاتی ئیلام ناسراوە، بەهۆی هەڵکەوتنی لەسەر ڕێگەی گەورەی خۆراسان.

Kozad M. Ahmed, op. cit., P. 264.

[٥٢] عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار), هەنبانەبۆرینە, چاپی یەکەم، پێداچوونەوە؛ ماجید مەردۆخ ڕۆحانی (تاران، ١٩٩٠)، ل. ٣.

[53] Saman Ebadi and Vida Mozafari, The Realization of Address Terms in Sorani Kurdish (Jafi Dialect) International, (Kermanshah) Vol (4), no. No. (2) (2015): P. 265.

[54] Albert Kirk Grayson, RIMA 2/ Assyrian Rulers of the Early Firstand Millennium (1114 - 859 BC), Vol. (2), P 203.

[55] Kozad M. Ahmed, op. cit., P. 75.

[56] Speiser, op. cit., P. 100.

[57] ibid., P 97-98.

[58] Douglas Frayne, *Sargonic and Gutian Periods (2234-2113 BC)*, 274.

[٥٩] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پاشاکانی کاشی دەڕوانرێتە ئەم سەرچاوەیە :

J. A. Brinkman, Materials and Studies for Kassite History, Vol. (1) (Oriental Institute of the University of Chicago., 1976), P. 262-267.

[60] a-gar3 iri ti-ri-qa-an که به واتای : ناوچەی ئاودێری شاری تیرقان دەگەیەنێت
Vincent Scheil, “Textes Élamites-Sémitiques,” in Mémoires de La Délégation En Perse (Tome II), Vol. (2), MDP (Ernest Leroux, 1900), P. 86-92.
[61] William W. Hallo, “Gutium,” P. 716.
[62] Ignace J Gelb, op. cit., P. 64.
[63] Jacob J. Finkelstein, “Late Old Babylonian Documents and Letters (No. 271),” in Yale Oriental Series, Babylonian Texts, (13), Yale Oriental Series (YOS) (Yale University Press, 1972), P. 14.
[64] Jesper Eidem and Jorgen Lessoe, The Shemshara Archives, Vol. (1), Historisk-Filosofiske Skrifter, (23) (Det Kongelige Danske Videnskabernes Selskab, 2001), SH. 920, P. 82.
[٦٥] خەمازی دەولەتەشارێکی نێو چیاکانی زاگرۆس بووە لە سەردەمی سەرهەلدانی بنەماڵەکان، بڕوا وایە دەکەوێتە نێوان زابی سەروو و ڕووباری سیروان و نزیک شاری هەڵەبجەی ئێستا، بەپێی لیستی پاشایانی سومەری یەکەم پاشا خاتانیش Ḫataniš بووە، کە بۆ ماوەی ٣٦٠ ساڵ فەرمانڕەوا بووە .
Douglas R. Frayne, Pre-Sargonic Period: Early Periods (2700-2350 BC), RIME Vol (1), University of Toronto Press, 2008, P. 47.
[٦٦] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤-٥٥.
[67] Thorkild Jacobsen, The Sumerian King List, ed. John Albert Wilson and Thomas George Allen, Assrylogical Studies, No. (11) (The Oriental Institute of The University Of Chicago/, 1939), P. 121.; Douglas Frayne, op. cit., P. 219.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان


١. ئەحمەد، جەمال ڕەشید، و فەوزی ڕەشید، (٢٠١٩)، مێژووی کۆنی کورد، و؛ ملکۆ کەلاری، چاپی (٥) هەولێر: ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

٢. ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، (٢٠٠٨)، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز.، چاپی دووەم، سلێمانی: بنکەی ژین.

٣. دیاکۆنۆف، ئیگەر میخایلۆڤیچ، (٢٠٢١)، مێژووی میدیا، و؛ پێشەوا خالید، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٤. دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢٥)، پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی، چاپی دووەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥. شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان (هەژار)، (١٩٩٠)، هەنبانەبۆرینە، پێداچوونەو؛ ماجید مەردۆخ ڕۆحانی، چاپی یەکەم، تاران.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان**

١. خليل، أحمد محمود، (٢٠١٣)، تاريخ أسلاف الكورد، الطبعة الأولى، أربيل: دار موكرياني للبحوث والنشر.

٢. القرداغي، رافدة عبدالله، (٢٠٠٨)، كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الألف الثالث ق.م إلى ٦١٢ ق.م.، أطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية.

٣. زيباري، محمد صالح، الحكم الكوتي لبلاد وادي الرافدين (٢٢٥٠–٢١٣٠ ق.م): دراسة نقدية للنصوص المسمارية، (٢٠٢١)، مجلة جامعة دهوك، مجلد (24)، العدد (١).

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

1. Ahmed, Kozad M. 2012. "The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC): A Historical and Cultural Synthesis." PhD diss., Leiden University.
2. Álvarez-Mon, Javier, Gian Pietro Basello, and Yasmina Wicks, eds. 2018. The Elamite World. Routledge. https://doi.org/10.4324/9781315658032.
3. Brinkman, J. A. 1976. Materials and Studies for Kassite History. Vol. 1. Chicago: Oriental Institute of the University of Chicago.
4. Carretero, Lara González, Leilani Lucas, Chris Stevens, and Dorian Q Fuller. 2023. "Investigating Early Agriculture, Plant Use and Culinary Practices at Neolithic Jarmo (Iraqi Kurdistan)." Journal of Archaeological Science: Reports 52: 104264. https://doi.org/10.1016/j.jasrep.2023.104264.
5. Clackson, James. 2007. *Indo-European Linguistics: An Introduction*. Cambridge: Cambridge University Press.
6. Cole, Sonia. 1965. Races of Man. 2nd ed. London: Trustees of the British Museum (Natural History).

7. Cooper, Jerrold S. 1983. The Curse of Agade. Johns Hopkins Near Eastern Studies. Baltimore: Johns Hopkins University Press.
8. Ebadi, Saman, and Vida Mozafari. 2015. "The Realization of Address Terms in Sorani Kurdish (Jafi Dialect)." International Journal of Humanities and Cultural Studies 4, no. 2.
9. Eidem, Jesper, and Jorgen Lessoe. 2001. The Shemshara Archives. Vol. 1. Historisk-Filosofiske Skrifter 23. Copenhagen: Det Kongelige Danske Videnskabernes Selskab.
10. Emelianov, Vladimir. 2022. "What Could Be an Opposition to the Sumerian Self-Designation 'The Black-Headed'?" Paper presented at Sacred Ground: Place and Space in Mythology and Religion. 15th Annual International Conference, June 7.
11. Finkelstein, Jacob J. 1972. "Late Old Babylonian Documents and Letters (No. 271)." In Yale Oriental Series, Babylonian Texts, 13. New Haven: Yale University Press.
12. Fosse, Lars Martin. 2005. "Aryan Past and Post-Colonial Present: The Polemics and Politics of Indigenous Aryanism." In The Indo-Aryan Controversy: Evidence and Inference in Indian History, 1st ed. Routledge.
13. Frangipane, Marcella. 2015. "Different Types of Multiethnic Societies and Different Patterns of Development and Change in the Prehistoric Near East." Proceedings of the National Academy of Sciences 112 (30): 9182–89.
14. Frayne, Douglas R. 1993. Sargonic and Gutian Periods (2234-2113 BC). RIME, Vol. 2. Toronto: University of Toronto Press.

15.Frayne, Douglas R. 2008. Pre-Sargonic Period: Early Periods, Volume 1 (2700-2350 BC). RIME, Vol. 1. Toronto: University of Toronto Press.

16.Gadd, C. J., and L. Legrain. 1928. Ur Excavation Texts I: Royal Inscriptions. London: British Museum; Oxford University Press.

17.Gelb, Ignace J. 1944. Hurrians and Subarians. SAOC 22. Chicago: Oriental Institute of the University of Chicago (2nd impression, 1973).

18.Grayson, Albert Kirk. 2002. Assyrian Rulers of the Early First Millennium (1114-859 BC). Vol. 2, RIMA. Toronto: University of Toronto Press.

19.Hallo, William W. 1971. "Gutium." Reallexikon der Assyriologie 3. Berlin.

20.Hallo, William W. 2002. "New Light on the Gutians." In Ethnicity in Ancient Mesopotamia, edited by W.H. Van Soldt, R. Kalvelagen, and D. Katz. Papers Read at the 48th Rencontre Assyriologique Internationale, Leiden.

21.Henning, W.B. 1978. The First Indo-Europeans in History. http://s155239215.onlinehome.us/turkic/21Tochars/HenningGutiesEn.htm.

22.Huehnergard, John, and Na’ama Pat-El. 2012. "Languages of the Ancient Near East: An Annotated Bibliography." Academia.edu, October.

23.Jacobsen, Thorkild. 1939. The Sumerian King List. Edited by John Albert Wilson and Thomas George Allen. AS 11. Chicago: University of Chicago Press.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

24.Lazaridis, Iosif, Dani Nadel, Gary Rollefson, et al. 2016. "Genomic Insights into the Origin of Farming in the Ancient Near East." Nature 536 (7617): 419–24. https://doi.org/10.1038/nature19310.

25.Liverani, Mario. 2014. The Ancient Near East: History, Society and Economy. London: Routledge.

26.Luckenbill, Daniel David, ed. 1926. Ancient Records of Assyria and Babylonia. Vol. 1. Chicago: University of Chicago Press. http://archive.org/details/LuckenbillAncientRecordsAssyria01.

27.Matthews, Roger, Wendy Matthews, Kamal Raheem, and Amy Richardson. 2020. The Early Neolithic of the Eastern Fertile Crescent: Excavations at Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan. Oxbow Books.

28.Mendelsohn, Isaac. 1949. Slavery in the Ancient Near East. New York: Oxford University Press. http://archive.org/details/in.gov.ignca.7521.

29.Reiner, Erica, ed. n.d. The Assyrian Dictionary of the Oriental Institute of the University of Chicago (CAD). Vol. 11 (N), Part 2. Chicago: Oriental Institute.

30.Röllig, Wolfgang. 1995. "'Drachen des Gebirges': Fremde als Bedrohung in Mesopotamien." In Töten im Krieg, edited by Heinrich Von Stietencron and Jörg Rüpke. Karl Alber.

31.Scheil, Vincent. 1900. "Textes Élamites-Sémitiques." In Mémoires de La Délégation En Perse (Tome II), Vol. 2. Paris: Ernest Leroux.

32.Sokhadze, Panteleimon. 2021. "Migrations in the Ancient Mesopotamia: Historical and Linguistic Influence of the Gutians." History, Archaeology, Ethnology 05 (July).

33. Speiser, Ephraim A. 1930. Mesopotamian Origins: The Basic Population of the Near East. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.
34. Szczęsny, Tomasz J. 2019. "The Gutian Invasion in the Middle East as a Possible Anthropogenic Trigger Factor in the Development of the 4.2 Ky Event." Open Journal of Ecology 9 (9): 336–59.
35. Tenu, Aline. 2021. "Kunara: An Early Bronze Age City in the Zagros Foothills. The 2018 and 2019 Seasons of Excavations." 12th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East 2 (April): 603.
36. Torres, Elena. 2010. "Evolución de la presencia guti en Mesopotamia y su papel en el colapso del Imperio acadio." Centro Superior de Estudios de Oriente Próximo y Egiptología 11/12: 99–113.
37. Tsuneki, Akira, Roy Anma, Nobuya Watanabe, Sari Jammo, Yu Saitoh, and Saber Ahmed. 2023. "Preliminary Report of the Charmo (Jarmo) Prehistoric Investigations, 2022." Vol. 44: 34.
38. Van de Mieroop, Marc. 2016. A History of the Ancient Near East, ca. 3000-323 BC. 3rd ed. Wiley Blackwell.


**(Abbreviations) ليستى كورتكراوەكان**

- **CAD** = The Assyrian Dictionary of the Oriental Institute of the University of Chicago
- **Ijee** = International Journal of English and Education
- **MDP** = Mémoires de la Délégation en Perse

- **PNAS** = Proceedings of the National Academy of Sciences of the United States of America
- **RIME** = Royal Inscriptions of Mesopotamia: Early Periods
- **RIMA** = Royal Inscriptions of Mesopotamia: Assyrian Periods
- **RIA** = Reallexikon der Assyriologie und Vorderasiatischen Archäologie

**YOS** = Yale Oriental Series.